

پەروەردەی ئاینی

# پەیوەندی کردن بە خوداوە

تەنیاحاجی

2024

# پەیوەندی کردن بە خودای گەورە

تەنیاحاجی

کتێب : پەیوەندی کردن بە خودای گەورە

ئامادەکردنی : تەنیاحاجی

بابەت : پەروەردەی

چاپی : یەکەم

ساڵ : 2024

پێشەکی :

بەناوی خودای گەورە ، دوێنێ شەو کۆمێنتی خاتوونێکم خوێندەوە ، داوای کتێبێکی دەکرد بۆ خوشکە نابیستەکەی ، کە فێرە نوێژکردنی بکات بەشێوەی وێنەدار ، خۆشەویستی و پاکی ئەم ئافرەتە بۆ خوشکەکەی ، هانیدام تاوەکو کتێبێکی خنجیلانەی بەم شێوەیە ئامادە بکەم ، بەهیوام ببێتە جێگای ڕەزامەندی خودای گەورە ، پێشکەش بەم منداڵە جوانە نابیستە ، خۆشمدەوێیت و باوەشێکی پڕ لە میهرەبانی .

هەر کەسێک چاپی دەکات بۆ خودی خۆی ئازادە ...
بەڵام گەر کتێبفرۆشێک یان ناوەندێک و ڕێکخراوێکی ، سەرەتا پەیوەندی بکە ...

Tanyahaji22
0750 395 4269

## کتێبەکە پێکهاتووە لە :

- چۆنییەتی دەست نوێژ شۆردن
- چۆنیەتی نوێژ کردن
- جیاوازی نوێژ لە ماڵ و لە مزگەوت
- نوێژە سوننەتەکان و واجبەکان
- چۆنیەتی بانگدان
- هەندێک زیکری ڕۆژانە

Tanyahaji22
0750 395 4269

عبدالله : دایە گیان، گەڕامەوە بۆ ماڵ .

دایکم : بەخێربێیتەوە ڕۆڵە شیرینەکەم .

عبدالله : دەستەکانت ماچ دەکەم دایکە گیان، ئەمڕۆ مامۆستاکەم ئەرکی قوتابخانەی پێ سپاردووین .

دایکم : زۆر باشە، ئەرکەکەت چییە عبدالله گیان ؟

عبدالله : پرسیاری لێکردین چۆن پەیوەندی بە خودای گەورەوە بکەین ؟

دایکم : ئایە تۆ وەڵامەکە دەزانیت ڕۆڵە شیرینەکەم ؟

عبدالله : نەخێر دایە گیان ، دەتوانیت تۆ یارمەتیم بدەیت ؟

دایکم : بەڵێ عبدالله گیان ، وەرە لەلام دابنیشە .



دایکم : ڕۆڵە شیرینەکەم ، ئێمە بۆ ئەوەی پەیوەندی بەیەکتر بکەین ، پێویستە ئامێری پەیوەندی کردن بەکاربێنین ، یاخود سەردانی یەکتر بکەین .

عبدالله : دایکە ، ئەی چۆن پەیوەندی بە خودای گەورە بکەین و سەردانی بکەین ؟

دایکم : کوڕەکەم ، لەڕێگەی نوێژکردن و نزاکردن ، پەیوەندی بە خودای گەورە دەکەین ، دڵ و ڕۆحمان پڕ دەکەین لە یادی ئەو .

عبدالله : کەواتە تۆ و باوکم ڕۆژانە چوار جار پەیوەندی بە خودای گەورە دەکەن ، کاتێک نوێژ دەکەن .

دایکم : نەخێر عبدالله گیان ، ئێمە پێنج جار لە ڕۆژێکدا پەیوەندی بەخودای گەورەوە دەکەین ، لە ڕێگەی زیکر و نزاکردن هەمیشە یادی دەکەین و بیرمانە ، هەروەها سوپاسگوزاری دەبین و داوای ڕێگای ڕاستی لێ دەکەین .



عبدالله : کەواتە دایکە گیان هەر کاتێک بمانەوێت دەتوانین پەیوەندی بەخودای گەورەوە بکەین ، ئەو گوێی لە قسە و دڵی ئێمەیە ؟

دایکم : بەڵێ ڕۆڵەکەم ، هەروەها نوێژی سوننەت و چەند نوێژێکیترمان هەیە ، کە دواتر فێرت دەکەم ، چۆن دەکرێت و بۆچی دەکرێت ؟

عبدالله : زۆر سوپاس دایکە گیان ، دەتوانیت پێم بڵێیت نوێژ چۆن دەکرێت ؟

دایکم : بەڵێ ڕۆڵە شیرینەکەم ، هەموو کەسێک دەبێت لە تەمەنی شەش بۆ حەوت ساڵی فێرە نوێژ بێت ، گەر نوێژێک نەکەیت دەبێتە قەرز و پێویستە قەرزەکە بدەیتەوە ، لە ڕێگەی نوێژکردنەوە ، وەرە بابڕۆین دەست نوێژ بشۆین ، کە نوێژ کردن بەبێ دەست نوێژ شۆردن قبوڵ نییە .

عبدالله : دایکە گیان ، دەتوانین بەیەکەوە بڕۆین دەستنوێژ بشۆین ؟ ئایە فێرم دەکەیت چۆن دەستنوێژ وەک پێغەمبەری خودا ﷺ بشۆم ؟

دایکم : بەسەرچاو کوڕە ژیر و جوانەکەم ، بابەکەوە بڕۆین ئاکارەکانی دەستنوێژ و نوێژکردن ئەنجام بدەین ، هەنگاو بە هەنگاو .

**سەرەتا نییەتی دەستویژ دەهێنین و دەڵێین :-**

**بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ**

دواتر دەڵێیت :  بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ  ، نیەتی دەستنوێژ شۆردن دەهێنیت

سەرەتا سێ جار دەستەکانت دەشۆریت

دواتر سێ جار ئاو بە دەمتدا دەکەیت

دواتر سێ جار لوتت دەشۆریت

دواتر سێ جار ڕووخشارت دەشۆریت لە نێوچەوان بۆ چەناگە ، گوێچکە بۆ گوێچکە


دواتر سێ جار قۆڵی ڕاستت دەشزریت ، ئینجا قۆڵی چەپت


دواتر مشتەکۆڵێک ئاو بە نێوچەوانت و قژ دادەکەیت ، ئینجا گوێچکەکانت پاک دەکەیتەوە

دواتر سێ جار قاچی ڕاستت دەشۆریت ، ئینجا قاچی چەپت


1



2


3


4


5


6


7


8

# نزای دوای دەستنوێژ شۆردن

**أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ، وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ ،**

**وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ**

دایکم : ڕۆڵە شیرینەکەم ، پێغەنبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێک دوای دەستنوێژ شۆردن ئەم نزایە بکات ، ئیلا هەر هەشت دەرگاکەی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە ، کەواتە واباشترە ئەم نزایە بکەیت .

عبدالله : نزاکە واتایی چییە دایکە گیان ؟

دایکم : نزاکە واتا : شاهێدی دەدەم خودای گەورە تاکە و تەنهایە ، هیچ هاوبەشێکی نییە ، هەروەها شاهێدی دەدەم کە موحەمەد ﷺ نێردراوی خودایە.

عبدالله : دایکە گیان ، ئێستا دەستنوێژمان شۆرد دەتوانین نوێژی نیوەڕۆ بکەین ؟

دایکم : بەڵێ ڕۆڵەکەم ، چونکە مەلا لە مزگەوت بانگی نیوەڕۆی داوە .

عبدالله : دایکە ، بانگ چییە ؟

دایکم : ڕۆڵەکەم ، بانگ ئەو دەنگ و بانگێشتەیە کە کەسێک پێی هەڵدەستێت ، بانگی موسوڵمان دەکات یاخود ئاگاداریان دەکاتەوە کە کاتی نوێژە ، پێویستە نوێژەکانتان بکەن ، جا لە مزگەوت بێت یاخود لە ماڵ .

عبدالله : دایکە گیان ، جیاوازی نوێژ کردن لە مزگەوت و لە ماڵدا چییە ؟

دایکم : ڕۆڵەکەم ، نوێژ کردن لە مزگەوت و بە کۆمەڵ پاداشتی زۆر زیاترە لە نوێژ کردن لە ماڵ و بەتەنها ، نوێژ کردن بە کۆمەڵ کە برایانی موسوڵمان لەیەک شوێن و لەیەک ڕیز کۆدەکاتەوە ، پاداشتەکەی بیست و پێنج یان بیست و حەوتە ، بۆیە واباشترە نوێژ بە کۆمەڵ لە مزگەوت بکرێت .

عبدالله : دایکە گیان ، بۆچی باوکم نوێژ لە مزگەوت دەکات بەڵام تۆ لە ماڵەوە ؟

دایکم : کوڕەکەم ، بۆ پیاو خێری زیاترە لە مزگەوت بێت ، بەڵام بۆ ئافرەت خێری زیاترە لە ماڵەوە بێت ، چونکە لەوانەیە ئافرەت بڕواتە دەرەوە تووشی کێشەیەک بێت ، هەروەها ئافرەت واباشترە لە ماڵەوە ئاگاداری منداڵ و ماڵەکەیت بێت ، ئەمەش چاکەیەکی خودایە کە لەگەڵ ئافرەتی کردووە .

عبدالله : تێگەیشتم دایکە گیان ، ئایە نوێژی نیوەڕۆ وەک نوێژی بەیانی دەکرێت ؟

دایکم : ڕۆڵە شیرینەکەم ، هەمووی نوێژەکان وەک یەکە و بە هەمان شێواز دەکرێت ، بەڵام ڕکاعاتیان واتا ژمارەی سوجدەیان جیاوازە ، وە با پێت بڵێم چەندە ؟

نوێژی واجبەکان :- پێنج نوێژە


نوێژی بەیانی
دوو ڕکاعات


نوێژی نیوەڕۆ
چوار ڕکاعات


نوێژی عەسر
چوار ڕکاعات


نوێژی مەغریب
چوار ڕکاعات


نوێژی عیشا
چوار ڕکاعات

دایکم : لەدوای بانگدانی مەلای مزگەوت دەتوانیت نوێژەکەت بکەیت .

عبدالله : دایکە گیان ، بانگدان چۆنە ؟

دایکم : کوڕە جوانەکەم ، هەست دەکەم دەتەوێت هەموو شتێک بزانیت !

عبدالله : بەڵێ دایکە گیان ، چونکە ئێستا منیش حەوت ساڵم ، بۆیە تکایە فێرە نزیکبوونەوە لە خودای گەورەم بکە .


واتاکانی بانگ :-

| | | |
|---|---|---|
| الله أكبر  الله أكبر | الله أكبر  الله أكبر | خودا گەورەترینە |
| أشهد أن لا إله إلا الله | أشهد أن لا إله إلا الله | شایەتی دەدەم هیچ خودایەک نییە جگە لە اللّٰە |
| أشهد أن محمدا رسول الله | أشهد أن محمدا رسول الله | شایەتی دەدەم نێردراو و پەیامهێنەری خودایە |
| حى على الصلاة | حى على الصلاة | وەرن بۆ نوێژ |
| حى على الفلاح | حى على الفلاح | وەرن بۆ سەربەرزی |
| الله أكبر  الله أكبر | | خودا گەورەترینە |
| لا إله إلا الله | | هیچ خودایەک نییە جگە لە اللّٰە |

هەروەها جۆرێکیتر نوێژمان هەیە پێی دەگوترێت سوننەت ، ئەم جۆرەیان پێویستی بانگدان نییە بەڵکو خۆت دەیکەیت ، کە ئەگەر بیکەیت خێری زۆرە ئەوانیش بەم جۆرەن :-


| پێش نوێژ | | دوای نوێژ |
|---|---|---|
| 2 | نوێژی بەیانی | 0 |
| 4 | نوێژی نیوەڕۆ | 2 |
| 0 | نوێژی عەسر | 0 |
| 0 | نوێژی مەغریب | 2 |
| 0 | نوێژی عیشا | 2 |

نوێژ کردن بەم جۆرەیە :-




نییەتی نوێژ کردن دەهێنیت

ئینجا دەڵێیت : الله أكبر



دواتر لەپی دەستی ڕاستت ، لەسەر پشتی دەستی چەپت دادەنێیت لەسەر سینگت و سوورەتی الفاتحە دەخوێنیت بەم جۆرە ، پێویستە لە سەرەتایی هەموو ڕکاعاتێک سوورەتی الفاتحە بخوێنیت ، گەرنا نوێژەکەت دروست نییە .

دواتر سوورەتێکی تر دەخوێنیت ، گەر نوێژەکە دوو ڕکاعات بوو ، هەردوو جارەکە پێویستە لە دوای خوێندنی الفاتحە سوورەتێک بخوێنیت ، بەڵام گەر سێ یاخود چوار ڕکاعات بوو ، پێویستە تەنها لە ڕکاعاتی یەکەم و دووەم دوای خوێندنی الفاتحە ، سوورەتێکی تر بخوێنیت .



بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ


الْحَمْدُ للّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (2) الرَّحْمـنِ الرَّحِيمِ (3) مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ (4) إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ (5) اهدِنَــــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ (6) صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ (7)

دەڵێیت آمين

ئینجا سوورەتێکی تر دەخوێنیت


بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ (1) ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ (2) لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ (3)
وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ (4)



دواتر بەم جۆرە هەر دوو دەستت بەرز دەکەیتەوە

دەڵێیت :- الله اکبر



دواتر دەچییە ڕکوعەوە و سێ جار دەڵێیت :-

سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ

ئینجا سەرت بەرز دەکەیتەوە و دەڵێیت :-

سمع الله لمن حمده ، رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ

دواتر بەرو سوجدە دەڕۆیت و دەڵێیت :-

الله اکبر



کە چوویە سوجدە سێ جار دەڵێیت :-

سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى

پێویستە لوت و نێوچەوانت بەر زەویەکە بکەوێت !



دواتر لە سوجدەی یەکەم هەڵدەسیتەوە هەردوو

دەستەکانت لەسەر ڕانت دادەنێیت

دوو جار دەڵێیت :-

رَبِّ اغْفِرْ لِي

دواتر بە گوتنی الله اکبر دەچیەوە سوجدەی دووەم

دووبارە ، سێ جار دەڵێیت :-

سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى



دواتر الله اکبر دەکەیت و هەڵدەسیتەوە

وەک ڕکاعاتی یەکەم بە هەمان شێوە

سوورەتی الفاتحە دەخوێنیت دواتر سوورەتێکی تر

*****************************************************



ئینجا دوای دوو جار سوجدە بردن ، بەم جۆرو

دادەنیشیت ، دەستەکانت لەسەر ڕانتە ڕووت لە قیبلەیە

ئەتەحیات دەخوێنیت ، واتا دوای هەر دووجارێک

ڕکاعات ، ئەتەحیات دەخوێنیت بەم جۆرە :-



التَّحياتُ للهِ، الصَّلَواتُ الطَّيِّباتُ، السَّلامُ عليك أيها النبيُّ ورحمةُ اللهِ وبركاتُه، السَّلامُ علينا وعلى عبادِ اللهِ الصَّالحينَ ...

دواتر پەنجەی شەهادەت لەدەستی ڕاست بەرز دەکەیتەوە ڕوو لە قیبلە و شەهادە دەخوێنێت و دەڵێیت :-



أشْهَدُ أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وأَشْهَدُ أنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّه

دواتر بەشی دووەمی ئەتەحیات دەخوێنێت کە پێی دەڵێن سەلاواتی ئیبراهیم و دەڵێیت:-

اللَّهُمَّ صَلِّ علَى مُحَمَّدٍ، وعلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كما صَلَّيْتَ علَى آلِ إبْرَاهِيمَ، إنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ علَى مُحَمَّدٍ، وعلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كما بَارَكْتَ علَى آلِ إبْرَاهِيمَ، إنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ

بەڵام لە نوێژی سێ ڕکعاتی و چوار ڕکاعاتی سەلاواتی ئیبراهیم لە دوای سوجدی دووەم ناخوێنیت ، بەڵکو گەر سێ بێت لە سێیەم دەخوێنیت ، گەر چوار بێت ، لە چوارم دەخوێنیت .

دواتر بەرەو لای ڕاست ئاوڕ دەدەیتەوە و دەڵێیت :-

السلام عليكم ورحمة الله



دواتر بەرەو لای چەپ ئاوڕ دەدەیتەوە دەڵێیت:-

السلام عليكم ورحمة الله

گەر ئەم زیکرانە بکەیت دوای هەر نوێژێک خێرێکی زۆرت بۆ دەنووسرێت :-

٣٣ جار الحمدلله ، ٣٣ جار الله اكبر ، ٣٣ جار سبحان الله

دواتر خوێندنی سووڕەتی ( اخلاص ، الفلق ، الناس )

هەروەها گەر ئایەتی کورسی بخوێنیت ، بەهەشتت بە قسمەت دەبێت و خێرێکی زۆرت بۆ دەنووسرێت پشت بەخودا .

اللَّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ وَلا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ [البقرة: ٢٥٥]

عبدالله : دایکە گیان ، دەمەوێت دەستەکانت ماچ بکەم ، چونکە تۆ فێرت کردم چۆن پەیوەندی بەخودای گەورەوە بکەم ، بەڵێن بێت دوای هەر نوێژێک ، نزات بۆ بکەم .

دایکم : ڕۆڵە شیرینەکەم ، خودای گەورە بتپارێزێت ، نزاکا و یادی ئەو لە دڵتدا جێگیر بێت ، دەتەوێت کۆمەڵێک زیکری ڕۆژانەت فێربکەم ؟

عبدالله : بەڵێ دایکە گیان ، مامۆستاکەم گوتی بە نزای ڕۆژانە خۆت دەپارێزیت لە خراپەکاری شەیتان .

دایکم : مامۆستاکەت زۆر ڕاستی کردووە ، کەواتە گوێم لێ بگرە کۆمەڵێک نزای ڕۆژانەت فێر دەکەم ڕۆڵە شیرینەکەم .



نزای هەڵسان لە خەو :

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَ مَا أَمَاتَنَا وَإِلَيْهِ النُّشُورُ

سوپاس بۆ خودا ، کە دوای مردنمان ( دوای خەوتن ) دووبارە ئێمەی ژیاندەوە

نزای نان خواردن :

بسم الله

واتا بە ناوی خودا

ئەگەر لەکاتی نان خواردن بیرتهاتەوە
کە نەتگووتوە بڵێ :

بِسْمِ الله في أولِهِ وآخِرِه

واتا بە ناوی خودا لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی

نزای چوونە سەر ئاو :

اللَّهُمَّ إِنِّي
أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْخُبْثِ وَالْخَبَائِثِ

واتا خودایە پەنات پێ دەگرم
لە شەیتانی نێر و مێ

غُفرانَكَ

واتا خودایە لێم خۆشبە
کە ماوەیەک یادم نەکردوویت

نزای پژمین :

دەمت بگرە و بڵێ : الحَمْدُ للهِ

واتا سوپاس بۆ تۆ خودایە

گەر کەسێک پژمی و گوتی الحمدلله تۆ بڵێ :

يَرْحَمُكَ الله

واتا خوا ڕەحمت پێبکات

لەو کاتەشدا سوننەتە ئەو بڵێت :

يَهديكُمُ الله وَيُصلِحُ بالَكم

واتا خودا ڕێنمایتان بکات و بارودۆختان چاک بکات

نزای پژمین :

دەمت بگرە و بڵێ : الحَمْدُ للهِ

واتا سوپاس بۆ تۆ خودایە

گەر کەسێک پژمی و گوتی الحمدلله تۆ بڵێ :

يَرْحَمُكَ الله

واتا خوا ڕەحمت پێبکات

لەو کاتەشدا سوننەتە ئەو بڵێت :

يَهديكُمُ الله وَيُصلِحُ بالَكم

واتا خودا ڕێنمایتان بکات و بارودۆختان چاک بکات

لەکاتی باوەشک دەمت بگرە و بڵێ :

أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيطَانِ الرَّجِيمِ

واتا پەنا دەگرم بەخودا و شەیتان بەنەفرەت دەکەم
چونکە لەم کاتەدا شەیتان پێدەکەنێت

گەر کارێکت لەسەر سەخت بوو بڵێ :

اللّهُمَّ لا سَهْلَ إلاّ
ما جَعَلْتَهُ سَهْلاً وَأَنْتَ تَجْعَلُ الحَزْنَ إذا شِئْتَ سَهل

واتا خودایە هیچ کارێک ئاسان نییە مەگەر تۆ ئاسانی نەکەیت
گەر تۆ ویستت لەسەر بێت ، سەختی و کرانی زەویش ئاسان دەکەیت

لەکاتی بینینی ، کەسێک یان شتێکی جوان ، یان ڕۆژیەک و دەستکەوتێک و شتێکی سەرنجڕاکێش ، بڵێ :

مَاشَاءَ اللّٰه

وەک ئەوەیە نزا بکەیت خودا بیپارێزێت و بەچاو نەچێت

دایکم : کوڕەکەم ، ئێستا زانیت چۆن دەتوانین پەیوەندی بەخوداوە بکەین ؟

عبدالله : بەڵێ دایکە گیان ، لەداهاتوو هەوڵدەدەم ، خۆم فێرە کۆمەڵێک نزا و زیکر بکەم ، بەڵێن بێت لە هیچ کاتێکدا ، خودای گەورە لەبیر نەکەم .

دایکم : ئافەرم کوڕە ژیرەکەم ، من و باوکت دڵخۆشین ، کە منداڵێکی گوێڕایەڵی وەک تۆمان هەیە .

عبدالله : گەر تۆ و باوکم لێم ڕازی بین ، بێگومان خودای گەورەش لێم ڕازی دەبێت دایکە گیان ، بۆیە من گوێڕایەڵی ئێوە دەکەم .



جیاوازی ئەو ، ئەوەیە ...

هەر کاتێک بتەوێت دەتوانیت پەیوەندی پێوە بکەیت

هیچ کاتێک و شوێنێکی دیاری کراوی نییە ...

2024